# وەڵام بە سەرنجەکەی سەردار عەبدوڵڵا

## دەستەی بەڕێوەبەری دەنگەکان

ڕۆژی9\3\2007 کاك سەردار عەبداللە لە نووسینێکدا بە نێوی " سەرنجێك لە سەر مافی بڵاوبوونەوە " کە لە سایتی کوردستان نێت بڵاوبۆتەوە ڕەخنە لە سایتی دەنگەکان دەگرێ .لەم نووسینەدا یان ووردتر بڵێین لەو خیتابە حەماسیەیدا لە ژێر ناوی ڕەخنە گرتن خۆی خستۆتە دونیایەك لە ناکۆکی ، ناکۆکی لە حوکمەکانی ، ناکۆکی لە هەڵوێستەجیاوازەکانی ، ناکۆکی لە ڕاستگۆیدا .

ئێمە خۆمان خوازیاری ئەوە نین بچینە وەڵامی ئەو ڕەخنانەی ناحەقن . بەڵام بۆ ئەوەی بێ دەنگی بە ئاماری قبوڵ کردنەوە لە قەڵەم نەدرێ ناچارین وەڵامی ئەو چەواشەکاریانە بدەینەوە .بۆ ئەم مەبەستەش ئێمە وەڵامی خۆمان لە چەند خاڵێکدا کورت دەکەینەوە .

یەکەم :

کاك سەردار لە درێژەی نووسینەکەیدا لە هەوڵی ئەوەدایە بیسەلمێنێ کە لە بەر ئەوەی سایتی دەنگەکان بەرهەمی بلاوکراوەی ئەوی بڵاو نەکردۆتەوە ، ئەوە لە ئەنجامدا دەنگەکان وا لە باوەشی بەرەی ڕاستی کۆمەڵگەیە . بە مەش ناوەستێ پێمان ئەڵێ بەم بڕیارەتان دەنگەکان دەگۆڕێ بۆ " ماڵپەڕی ناسیۆنالیستەکان و هاوقوماشەکانی "

جارێ پێش ئەوەی بێینە وەڵامی ئەو توحفەیە لە ڕەخنەی نایاب . دەمانەوێ پرسیارت لێ بکەین ، کە تۆ دەمێکە پەیت بەو دیاردەیە بردووە بۆ بێ دەنگیت هەڵبژارد لە بەرامبەریا ؟ ئەگەر ڕاستگۆی لە بەرگری کردن لە مافی هونەرمەندان نووسەران و هەموو ئەوانەی شتەکانیان بۆ ماڵپەڕەکان دەنێرن بۆ لە دوو ساڵی ڕابردوو نەك ڕەخنە ، بەڵکو بوڵەیەکت لە دەمت نەهاتە دەرەوە ؟ ئایە ئێمەت دەخستە باوەشی بۆرژواکانەوە ئەگەر بڵاومان کردبا ؟ با ئێمە خۆمان وەڵامی ئەو پرسیارانەت پێ بڵێین . تۆ بێ دەنگیت هەڵدەبژارد ، چونکە تۆ تا ئەو کاتە ئەم دیاردەیەت قبوڵە کە شوملی بەرهەمەکانی خۆت نەکا . ئەم هەڵوێستەت لە فەرهەنگی سیاسیدا پێ ی دەڵێن ئۆپۆرتۆنیست ، بە کوردی خۆمانەش پێ ی دەڵێن هەڵپەرست .

ئەگەر ڕاستگۆیت ئەبوایە بۆ هەموو شوێنێکت ناردبووایە بۆ کوردستان نێت ت نەناردبا ، چونکە سایتی کوردستان نێت یەکەم سایت بوو کە لە ڕابردوو بە فەرمی ڕایەگەیاند کە هیچ بابەتێکی سەر بە کۆمۆنیزمی کرێکاری بڵاو ناکاتەوە .

دووەم :

ئێمە سانسۆری تۆمان نەکردووە . نەداوای موڵکایەتی بەرهەمەکانی تۆ یان هیچ کەسێکی ترمان کردووە ، ئەگەر خۆت حەز دەکەی هەرچیت هەیە بە ئەمانەت و بە سوپاسەوە لە ئەرشیفی خۆمان لائەدەین و تەسلیمت ئەکەینەوە .ئێمە خۆمان ئەو بابەتانە دەست نیشان دەکەین بۆبلاوکردنەوە ئەگەر لە شوێنێ تریشدا بڵاو بووبێتەوە ، ئێمە ئەجێندایەکمان هەیە بۆ کارکردن کە دروست کردنی میدیایەکی پۆزەتیڤە لە بابەتی باش کە دڵنیاین بە دڵی بەشێکی زۆر لە چەپ و ڕاست ی کۆمەڵگە نین ، چەپەکانی لە بابەتی تۆ پێمان ئەڵێن ناسیۆنالیست و ڕاستەکانیش پێمان ئەڵێن کۆمۆنیست ، بەلام ئێمە لە ژێر هیچ لەو فۆرمانە خۆمان پێناسە ناکەین .ئەو فۆرمانە پیرۆزی سیکتاریزمی حیزب و عەینەکەکانی ئایدەلۆژیا و بەرژەوەندە سیاسیەکان بێ . فۆرمی ئێمە ڕەنگە بۆ کەسانی شۆڕشگێری وەکو تۆ یان وەکو ئەندامانی حیزبە ڕەنگاو ڕەنگەکانی تر چ لە دەسەڵات چ لە ئۆپۆزسیۆن مایەی قبوڵ کردن نەبێ ، بەڵام فۆرمێکی زۆر سادە کە ئێمە ویستومانەو دەمانەوێ لە ژێریدا بەردەوام بین بریتی یە لە ژیان ، ئینسان ، حەقیقەت .

سێیەم :

له شوێنێکی نووسینەکەیدا کاك سەردار پێمان دەڵێت : " ماڵپەڕی دەنگەکان دەبێت بزانێت لە کوێی کۆمەڵگەدا قەراری گرتووە ... " ئەم ڕستەیە خۆی تراژیدیایەکە لە فیکرو لە داهێنان . لە لایەك خەرمانێك لە خیتاب و حوکم و ئینشا نووسی 15 ساڵی ڕابردووی بزووتنەوەیەکی سیاسی کەنارگرتوومان بیردەخاتەوە ، لەلایەکی تریش ڕوونی دەکاتەوە کە کاك سەردار چەندە نامۆیە بە میکانیزمەکانی بنیات ڕەخنەیەکی زانستی و چەندە غەرقی زمانی کلێشەو زاراوەی تۆمەتە حازرەکانە .لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەر ئەو " دەبێت "ە ی تۆ لە خەمخۆری دەنگەکانە ئەوا سوپاست دەکەین و ئێمە دەزانین لە کوێین ! ئەگەریش بۆ ئەوەتە ناڕاستەوخۆ بمانخەیتە بەرەی حەرام و پێوانە ئایدەلۆژیە موقەدەسەکانی خۆت ، ئەوا زۆر درەنگە ، چونکە دەنگەکان دەمێکە پشتی لەو موقەدەساتە کردووە .

دەستەی بەڕێوەبەری دەنگەکان

11-03-2007

بۆ خوێندنەوەی نووسینەکەی سەردار عەبدوالله کلیکی ئێرە بکە